بسم الله الرحمن الرحيم

# خۆپیشاندانی ئاشتیانە و ڕاپەڕینی جەماوەری
# لە ڕوانگەی ئیسلامەوە


ن/پ.د.عەلی محی الدین قەرەداغی

و/د.ئاراس محمد صالح


1432ك-2011ز

**پێشەکی وەرگێڕ:**

لەدوای سوپاس ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتی ئیمان و ئیسلام و زانست و زانیاری و زمانی ڕوونکردنەوەو لێك تێگەیشتن و یەکتر تێگەیاندن، هەروەها داواکردنی ڕەحمەت و میهربانی خوا بۆ سەرگیانی پێغەمبەر (د.خ) ئەو پێغەمبەرەی زۆر بە ئەمانەت و دڵسۆزیەوە پەیامی قورئانی بە مرۆڤایەتی ڕاگەیاندن و هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەو بۆ تەنها ساتێك بێئاگا نەبوو لە گەیاندنی، دوای ئەو داوای دروود و ڕەحمەت دەکەین بۆ سەرگیانی هاوەڵە دڵسۆزەکانی کە زۆر لێبڕاوانە پەیامی قورئان و ئیسلامیان بە هەموو گۆشەو کەنارەکانی جیهان گەیاند و لە ورد و درشتی ئاینەکەیاندا وردەکاری و قوڵبوونەوەیان دەکرد و بێ زیاد و کەم تۆماریان کرد بۆ نەوەکانی دوای خۆیان، وە داوای سەلامی خوا دەکەین بۆ سەر گیانی زانایان و خەمخۆرانی پەیامی ئیسلام هەتا ڕۆژیی دوایی... لە دوای ئەمە:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا گۆڕانی گەورەو بەرچاو لە ژیانی مرۆڤیاتیدا ڕوویداوەو زۆر پێشهات و بابەت هاتوونەتە پێشەوە بۆ ناو فەرهەنگی ژیان کە پێشتر بوونیان نەبووەو بە هۆی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی هاتوونەتە دی لە هەموو بوارەکانی ساسی و کۆمەلایەتی و ئابوری کەلتوری هتد، هەریەك لەم بابەتانە پێویستیان بە قسە لەسەر کردن و لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕاوبۆچوونی خەڵکی پسپۆڕو تایبەتمەندی بوارە جیاوازەکانە، یەکێك لەو بوارانەی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەموو ڕۆژێك لە گۆڕانی بەردەوامدایە بواری سیاسی و سیستمی حوکمڕانییە، ڕەنگە لەسەردەمانی پێشوودا تەنها ڕێگا بۆ گۆڕانکاری ڕیفۆرم و ئیصلاحی دەسەلات تەنها پەنا بۆ شمشێر و چەك برابێت و تەنها ڕێگا چارەی گونجاو بووبێت لەو بوارەدا.

بەلام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر هۆی باشتر و گونجاوتر هاتوونەتەدی بۆ گۆڕینی دەسەلات و سیستمی حوکمڕانی، وەك هەلبژاردن و خۆپیشاندان و فشاری جەماوەری و ڕاگەیاندن و زۆر هۆی تر، بەلام ئایا هەلوێستی ئیسلام چییە لە بەرامبەر ئەو هۆیانەی ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا پراکتیزە دەکرێن بە جیهانی ئیسلامیشەوە، ئایا لە دەقەکانی قورئان و سونەتی پێغەمبەردا (د.خ) هیچ ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەم دیاردە تازانە، یان زانایانی فیقهو زانستە ئیسلامیەکان هیچیان لەم بارەیەوە وتووە، لە کاتێکدا کە فیقهی ئیسلامی نوسراوەتەوە ئەم شتانە نەبوون؟.

وە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرێك لە موسڵمانان بە تایبەتی لە ولاتانی نیوە دورگەی عەرەبیدا زۆر سڵ لەو دیاردە تازانە دەکەنەوەو بە بیدعە و لاسایی کردنەوەی ناموسڵمانی دەزانن و لە ژێر کاریگەری ئاییندا واز لەو هەنگاوانە دەهێنن بۆ گۆڕینی سیستمە گەندەڵ و سەرکوتکەرەکانی جیهانی ئیسلامی و خەڵکی سارد دەکەنەوەو لە پەنابردن بۆ خۆپیشاندان و فشاری جەماوەری، بەناوی ئایینەوە فتوایان بۆ دەردەکەن.

لەم توێژینەوە زانستیەدا مامۆستای ئەکادیمی و پسپۆڕ (پ.د.عەلی قەرەداغی) هەموو ئەو بابەت و بەڵگە و فەتواو بۆچوونانە ڕوون دەکاتەوەو بەشێوەیەکی زۆر زانستی و لۆژیکی گفتوگۆی بۆچوونەکان دەکات و وەلامی تەواویان دەداتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەو گومانەکان لە کوێوە هاتوون لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، وە باس لەوە دەکات کە ئایینی ئیسلام دژی ستەم و گەندەڵی و دەست درێژی کردنە بۆ سەر مافی کۆمەڵ و تاکەکەس و هیچ کات بێدەنگ نەبووە لە بەرامبەر ستەم و ستەمکاردا و، هەموو کات داوا لە موسڵمانان دەکات هەوڵی چاکسازی و ئیصلاحی سیستمی حوکمڕانی و حاکم بدەن و ڕێگە نەدەن سوکایەتی بە ماف و کەرامەتی مرۆڤ بکرێت، ئێمەش لەبەر گرنگی و زانستی بوونی توێژینەوەکە و پێویست بوونی بۆ کتێبخانەی کوردی کردمان بە کوردی بەو هیوایەی جێگەی ڕەزامەندی خواو دوای ئەو جێگەی قبوڵی نوسەر و خوێنەران بێت.

**د.ئاراس محمد صالح**

2011/7/21

**سلێمانی**

arashama@hotmail.com

**سەرەتا:** لەپاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە و داواکردنی سلاّو میهرەبانی خوا بۆ پێغەمبەری خوا (د.خ) و هاوەڵانی و شوێنکەوتوانی و زانایان و دانایانی پەیامەکەی هەتا ڕۆژی دوایی... لە دوای ئەمە:

لەسەردەمی ئێستاماندا زۆر هۆی نویٚ پەیدا بووە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئێمە لەبەردەم گۆڕانی زانستی و تەکنیکی گەورەداین لە جیهانی پەیوەندەیەکان و گەیاندن، بە شێوەیەکی وەها هەموو شۆڕش و گۆڕانەکانی پێشووتری تێپەڕاندووە.

ئەوەی ئاشکرایە کە شۆڕشی تەکنیکی پێشکەوتوو لە جیهانی گەیاندندا(ئەنتەرنێت و فەیس بووك و تویتر و مۆبایل) هاوکاری باشی ڕاپەڕینەکانی کردوە لە جیهانی سیاسەتدا، هاوکار بووە لە کۆکردنەوەو ڕێکحستن و جۆشدان و ئاراستە کردندا، هەوەك بینیمان لە شۆڕشی تونسی داهێنەردا، وە بەشێوەیەکی گەورەتر لە شۆڕشی گەورەی میسردا، کە نمونەیەکی جوان بوو لە پاراستنی موڵك و سامانی گشتی و تایبەتدا، لە ڕووی ڕەوشت و ئاکاری جوانەوە لەگەڵ کەسانی تردا، ڕەفتاری جوان، بەشێوەیەکی وا کە گۆڕەپانی تەحریر(التحرير) کە پڕ بوو لە سەدەها هەزار کەس لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، بەڵکو بە ملیۆنان لە هەندێ ڕۆژدا. لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی ناشیرین و نەشیاو ڕووی نەدا، وە دیاردەی دزی و فەرهود کردن بەرچاونەکەوت، ئەوەیشی کە لە چەند ڕۆژی سەرەتادا ڕووی دا کاری دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بوو بۆ ناشیرین کردنی ڕاپەڕینەکە.

بەکورتی ڕاپەڕینەکە ڕاپەڕینێکی ئاشتیانەی بێگەرد بوو، وێنەیەکی جوانی شارستانی گەلی میسری پیشانی جیهاندا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئەم ڕاپەڕینانە ڕێگەپێدراون، یان ڕێگەپێدراو نین، یان حەرامن؟.

بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە سەرەتا پێناسەی خۆپیشاندان و پەناگیری و ناڕەزایی دەربڕین دەکەین، دواتر ڕاوبۆچوونی زانایانی سەردەم و بەڵگەکانیان و هەلاّوێردنی بۆچوونەکان دەکەین.

**خۆپیشاندان لە ڕوی زمانەوانییەوە:** وشەی (ظاهر) کۆکەی (**مظاهرة**) بە واتای هاوکاری و پشتگیری و یارمەتیدان دێت[1]، (**مظاهرة**) واتە کۆبوونەی کۆمەڵێك کەس بۆ ڕەزامەنی نیشاندان یان ناڕەزایی پیشاندان لەبەرامبەر مەبەستێکی تایبەت بە خۆیانەوە، ئەم بۆچوونە کۆڕبەندی زمانی عەرەبی دانی پیاناوە[2]. وە لە واتای سەرەکی خۆی دەرناچێت کە بە واتی دەرکەوتن و ئاشکراکردن دێت، وە هاوکاری کردنی یەکتری.

---

1- القاموس المحيط، ولسان العرب، والمعجم الوسيط، مادة (ظهر)

2- المعجم الوسيط، ط، قطر (578/2).

له قورئانی پیرۆزدا وشەی (**ظهر**) بە بڕگەی جیاوازەوە (57) جار هاتووە بە واتای جیاواز، لە ئایەتی: ﴿**إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ**﴾[3]..واتە: خوا ڕێگریتان لێ دەکات کە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی جەنگتان لەگەڵ دەکەن لە سەر ئایینەکەتان و لە ولاتی خۆتان وەدەرتان دەنێن و هاوکاری دەکەن بۆ دەرکردنتان لە خاکی خۆتان کە هاوکارییان نەکەن ئەگەر هاوکاریان بکەن ئەوا ئەوانە ستەمکارن. وە ئایەتی: ﴿**وَأَنْزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا**﴾[4]. ﴿**إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ**﴾[5]. وشەی (**تظاهر**) لەم ئایەتانەدا واتە هاوکاری و یارمەتیدان، ئەم هاوکارییە بۆ پشتگیری شەڕو خێر بەکارهاتووە، وە لە تێگەیشتنی ئایەتەکانەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هاوکاری و پشتگیری توندی ئامانجێکی دیاریکراو.

پەناگیری: کە بە عەرەبی بە (اعتصام) ناو دەبرێت، بەواتای پەنابردن، دەست پێوەگرتن، پاراستن، وەفا، ڕێگری، دێت، لە فەرهەنگی (**القاموس المحيط**) دا هاتووە: (**اعتصام الطلبة بمعهدهم**)[6] واتە خوێندکارەکان لە پەیمانگاکەیان، واتە نەکار دەکەن و نە دەچنە دەرەوە هەتا داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێت.

له قورئانەی پیرۆزدا وشەی (اعتصام) بە هەموو بڕگە جیاوازەکانیەوە (13) جار هاتووە، بە واتای دەست گرتن بە شتێکەوە وپاراستن و پارێزگاری لێکردن[7].

لەسەردەمی ئەمڕۆدا مەبەست لە پەناگیری: هەستانی کۆمەڵێك کەسە لە بەجێ نەهێنانی کارەکەیاندا، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان لە ئەنجام نەدانی کارێکدا، یان بۆ هێنانەدی داواکارییەکی دیاری کراو، هەتا خواستەکانیان جێ بەجێ دەکرێت.

ناڕەزایی دەربڕین: الاحتجاج: **احتج عليه:** واتە بەڵگەی تەواوی بۆ هێنایەوە، **والحجة:** واتە بەڵگەی ڕوون ئاشکرا.

وە لەسەردەمی ئەمڕۆدا: (**الاحتجاج**) واتە ڕەتکردنەوەو نەیار بوون، وە لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الحج) بە بڕگە جیاوازەکانیەوە (33) جار هاتووە، لەو ئایەتانە ئایەتی: ﴿**هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**﴾[8]، حاججتم: واتە گفتوگۆتان کرد، وە ئەمە ئەو واتایە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەکار دێت.

بەکورتی ناڕەزایی دەربڕین هۆیەکی بەکۆمەڵی سەردەمە یان جەماوەرییە، بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی یان ناڕەزایی، لەبەرامبەر هەڵوێستێکی حکومەتدا یان کۆمپانیایەکدا.

---

3- سورة الممتحنة، الآية:9.

4- سورة الأحزاب، الآية: 26.

5- سورة التحريم، الآية:4.

6- القاموس المحيط، مادة (عصم)

7- المفردات في غريب القران للأصفهاني، ط، دار المعرفة، بيروت، ص326-327.

8- سورة ال عمران، الآية: 66.

ڕاوبۆچوونی زانایانی سەردەم دەربارەی خۆپیشاندان:

پێشتر ئاماژەمان بە پێناسەی خۆپیشاندان کردو وتمان هۆی جەماوەرین بۆ ڕەزامەندی یان ناڕەزایی دەربڕین لە هەڵسوکەوت و هەوڵوێستی حکومەت یان حیزب یا کۆمپانیایەك..

لێرەدا ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە ئەوەیە ئایا ئەم خۆپیشاندانە ئاشتیانە ڕێگەپێدراوە یان نا؟.

لەم مەسەلەیەدا زانایانی سەردەم دەبنە دوو بەشەوە:

کۆمەڵی یەکەم: دەڵێن نادروست و ڕێگە پێنەدراوە:

کۆمەڵێك لە زانایانی ئەم سەردەمە دەڵێن نادروستە کە زۆربەیان لە گەورە زانایانی سعودیەن، وەك شێخ عەبدولعەزیز بن باز، وە شێخ **محەمەد** صالح ئیبن **عوثیمین**، وە دکتۆر صالح فۆزان بن الفوزان، وە شێخ صالح بن عەلی بن غصون، وە شێخ عبدالعزیز ئال شێخ موفتی سعودیە، وە شێخ ناصرالدین الالبانی خۆپیشاندانی نادروست داناوە لە دژی حکوماتی جیهانی ئیسلامی[9].

تێبینی: بۆ ئەوەی لێرەدا بە ئەمانەتەوە ئەم فتوایانە بگوێزینەوە، فەتوای هەریەك لە شێخ عبدالعزیز بن باز و شێخ (**محمد صالح ابن العثیمین**) لە دوای خۆپیشاندانەکانی ولاتی سعودیە دەرچوو، کە حاجیە ئێرانییەکان لە وەرزی حەجی 1421ك کردیان، وە دانانی ئەم فتوایانە بۆ خۆپیشاندانەکانی تونس و میسر لە جێگەی خۆیدا نییە و شتەکان جیاوازن بە بۆچوونی من، چونکە پێویستی مەزهەبێك نابێتە مەزهەب، وە بارودۆخ و هۆو مەبەستەکان لە هۆی دەرچوونی فتوای پێشوویان بووە تەواو جیاوازە لە ئەحواڵ و زروف و مەبەستەی کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی تێدا کراوە.

فەتوای گەورە زانایانی سعودیە تایبەت بووە بە حورمەتی ولاتی سعودیەوە، وە دەسەلاتدارانی ئەوێ پابەندن بە حوکمەکانی شەریعەت و ناسنامەی ئیسلامیەوە، لەگەڵ ئەوەدا سعودیە لەسەر قورئان و سونەتی پێغەمبەر و بەیعەت دامەزراوە، لە سعودیە ئیصلاح و ئامۆژگاری لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە ناکرێت کە ڕەنگە ببێتە هۆی بشێوی و ئاشوب، دەستەی زانایان جەخت لەسەر نادروستی خۆپیشاندان دەکەنەوە لە سعودیە کە ئامۆژگاری و ڕێنمونی دەسەلات باشترە لە خۆپیشاندان بۆ هێنانەدی ئامانجەکان[10].

دکتۆر ناصر العمر دەڵێ: خۆپیشاندان لە سعودیەدا حەرامە بەهۆی ڕەهەندە خراپەکانیەوە، وە دەکرێت خۆپیشاندان لە هەموو ولاتێکدا گونجاو نەبێت، چونکە هەر ولاتەو تایبەتمەندی خۆی هەیە[11].

بەڵگەی ئەو زانایانەی خۆپیشاندان بە نادروست دادەنێن:

ئەو زانایانەی کە خۆپیشاندان بە نادروست دەزانن کۆمەڵێك بەڵگە دەهێننەوە دەتوانین لەمانەدا کورتیان بکەینەوە:

---

9- بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە فتواکانیان لە کتێبی تایبەتی خۆیاندا بلاوّیان کردوەتەوە، وە لە هەندێ گۆڤاردا ئەو فتوانە بلاو بوونەتەوە وەك گۆڤاری (الفرقان) ژمارە 82.

10- بیان هیئة کبار العلماء بالسعودیة: بتاریخ 1432 /4/1هـــ.

11- جاء في حلقة من برنامج (الجواب الکافي) الذي یذاع علی قناة المجد، ونقلها موقع (المسلم) وموقع (مفکرة الاسلام) في 2011/3/6.

بەڵگەی یەکەم: ئەم خۆپیشاندانانە داهێنراون (**بدعة**) و لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین هاوەڵاندا نەبووە.

خۆپیشاندان دەچێتە بواری هۆیەکانی بانگەواز، وە دەبێت بەڵگەی هەبێت ئەو بوارە، چونکە هۆیەکانی بانگەواز وەستاوە لەسەر بەڵگە، وە دروست نییە پەنا بۆ هۆی تر ببرێت بەبێ بەڵگە، ئەم بۆچوونە زیاتر شێخی ئەلبانی و قوتابییەکانی پشتگیری دەکەن[12].

دەکرێت گفتوگۆی ئەم بەڵگە بکەین بەم شێوەیە:

یەکەم: ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیین کە هۆیەکانی بانگەواز دەبێت دەقی شەرعیان لەسەر بێت، چونکە ئەو شتانەی لەسەر دەقی شەرعی وەستاون خواپەرستییەکانی وەك نوێژ و زەکات و حەج و ڕۆژوون، بەبێ دەقی شەرعی ناکرێن، بەلاّم بوارەکانی مامەڵەکردن و عادەتەکان لە بنچینەدا دەرگای کراوەیە و موباحە و لەسەر مەبەستەکەی وەستاوە، ئەگەر سودی هەبوو دروستە ئەگەرنا بە پێچەوانەوە، هۆیەکانی بانگەواز و هۆی گەیاندن و ئاگادارکردنی خەڵکن و فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری خراپەن، هۆی بانگەواز وەك ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی گەیاندن لە سەردەمی ئەمڕۆماندا.

دووەم: ئەگەر گریمان هۆیەکانی بانگەواز دەبێت بەڵگەی شەرعیان هەبێ، لە قورئان و سونەتدا بەڵگەی زۆرمان هەیە لەسەر هۆیەکانی بانگەواز بەشێوەیەکی ڕەها وەك ئایەتی: ﴿**يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ**﴾[13] واتە: ئەی پێغەمبەر بە خەڵکی بگەینە ئەو قورئانەی بۆمان دابەزاندوی لای خواوە، ئەگەر وانەکەی ئەوە پەیامی خوات نەگەیاندووە، وە خوا دەتپارێزێ لە دەستی خەڵکی، خوا ڕێنمونی گەلی کافر ناکات. وە ئایەتی:﴿ **فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ**﴾[14]، ئەوەی فەرمانمان پێکردووی ڕایبگەیەنە و پشت بکەرە هاوبەش پەیداکەران. وە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (**بلغوا عني ولو آية**)[15] واتە: لە منەوە بیگەیەنن ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت.

بەڵگەی دووەم: خۆپیشاندان لە ناموسڵمانان وەرگیراوەو داهێنراوی ئەوانە، وە لەسەردەمەکانی سەرەتای ئیسلامدا ئەم کارە نەناسراوە، ئەمەش لاسایی کردنەوەی گەلانی ناموسڵمانەو کارێکی نەشیاو حەرامە[16].

با وادابنێین ئەم بەڵگە لاسایی کردنەوەی کافران حەرامە، لاسایی کردنەوە تایبەتە بە لایەنی ئایینی، وە مەبەست لێی کوفر بێت[17]، و لەم ڕووەوە فتوای لیژنەی هەمیشەیی لێکۆڵینەوەی زانستی و فتوادان بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالعزیز عبداللە بن باز ڕەحمەتی خوای لێ

---

12- مقال الشيخ عبدالمنعم الشحات، في موقع www.majles.net بتاريخ فبراير 2007.

13- سورة المائدة، الآية: 67.

14- سورة الحجر، الآية: 94.

15- رواه البخاري في صحيحه، مع فتح الباري (129/7) والترمذي في جامعه، مع تحفة الأحوذي (405/7) وأبو داود في سننه مع عون المعبود (96/10)

16- يراجع: تفسير ابن كثير (256/1) وعمدة القاري (8/22) وقال ابن عبدالبر: (كان صلى الله يكره التشبه بالكفار) التمهيد (3/4).

بێت ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە لاسایی کردنەوەو تەنها بواری ئایینی دەگرێتەوە، دووەم: ئەگەر ئەو کارە وەك خواپەرستی و نزیك بوونەوە لە خوا کرا یان بۆ بەگەورە دانان بۆ پاداشتی قیامەتی، یان لاسایی کردنەوەی ئەهلی نەفامی بێت، یان شتی وەك ئەوانە لە کاری گروپە کافرە بیدعەچیەکان. دوای فتواکە بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەگەر مەبەست لەو کارە بۆ بەرژەوەندییەکی نەتەوە بێت، وە بۆ ڕێکخستنی کارەکانی بێت وەك هەفتەی پۆلیسی هاتوچۆ، یان ڕێکخستنی کاتەکانی خوێندن، یان کۆبوونەوەی فەرمانبەران بۆ کارەکانیان، وە شتی لەو جۆرە کە مەبەست لێی خواپەرستی نییە، وە بە خواناسی دانانرێت، ئەمە بریتیە لە بیدعەی ئاسایی و ناچێتە بواری ئەو فەرمودەی دەفەرموێت: هەرکەس کارێك دابهێنێ و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوە ڕەتدەکرێتەوە[17] .

هەر لەم ڕووەوە ئەمبیستوە لە زانایانی سعودیە بلێ ڕۆژی نیشتمانی لە وڵاتدا حەرامە، یان هەفتەی هاتوچۆ، یان شتی لەو بابەتە.

لەسەر ئەم بنەما خۆپیشاندانەکان دەربڕینی ڕەتکردنەوەی شتی حەرامە، یان ڕەزامەندی پیشاندانە لەسەر شتی بەسود وە مەبەست لێی عیبادەت و خواپەرستی نییە، وە مەبەست لێی پەیامێکی جەماوەرییە، یان میللییە بۆ حکومەت یان لایەنێکی دیاری کراو، وە ناکرێت بە بیدعەی حەرام ناو ببرێت، یان لاسایی کردنەوەی کافران، بەڵکو هۆیەکی دەربڕینە کە ئینسان مەبەستیەتی، وە دەکرێت لە ڕووی ئەنجام و مەبەستەکانیەوە حسابی بۆ بکرێت.

بەڵگەی سێیەم: خۆپیشاندان یەکێکە لەو فیتنانەی ئاژاوەو بشێوی دەخاتە ناو موسڵمانانەوە و پارچە پارچەیان دەکات، وە فیتنەو ئاژاوەنانەوەش حەرامە بە کۆی دەنگی زانایان، وە بە بەڵگەی بەهێز لە قورئان و سونەتدا، وەك ئایەتی: ﴿**وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ**﴾[19] فیتنەو ئاژاوەنانەوە لە کوشتن قورستر و توندترە لای خوا.

دەکرێت گفتوگۆی ئەم بەڵگە بکەین لە چەند ڕوویەکەوە:

ڕووی یەکەم: فیتنە چەند جارێك لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە، واتای زۆری هەیە، راغیبی ئەصفەهانی دەڵێ: واتای فیتنە لە بنچینەدا بریتیە لە زاخاودانی ئاڵتون، بۆ ئەوەی باشی و خراپی دەرکەوێت، وە دەڵێت لە قورئاندا بە واتای سزای خوا هاتووە، وە مرۆڤ بەو بەڵا ناخۆشیانەی دێت بەسەریدا بە فیتنە ناوبراوە، ئەگەر لە خواوە بووە زیاتر بۆ حیکمەت و تاقیکردنەوەیە، وە ئەگەر لە مرۆڤەوە بوو بە پێچەوانەوە، وە خوای گەورە سەرکۆنەی مرۆڤ دەکات بە زۆر جۆری فیتنە، وەك ئایەتی: ﴿**وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ**﴾[20] فیتنە نانەوە لە کوشتن قورستر و تاوانەکەی گەورەترە. وە ئایەتی: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ**

---

17- ومعظم كلام المحققين من الفقهاء في التشبه بهم في العبادات، ونحوها، أو قصد التشبه، فليراجع: مجموع الفتاوى للشيخ الاسلام ابن تيمية، م22ص 264- 182. واعلام الموقعين، م2 ص438.

18- فتاوى اللجنة الدائمة، الفتوى رقم:3049. وكان السؤال ورد عن احد الخطباء بجدة حينما سئل: لماذا انتم تحرمون من البدع ما حرمته الحكومة، وتجيزون منها ما تجيزه، مثال اليوم الوطني ونحو ذلك.

19- سورة البقرة، الآية: 191.

20- سورة البقرة، الآية: 191.

عَذَابُ الْحَرِيقِ﴾[21]. ئەو کەسانەی پیاوانی موسڵمان و ژنانی موسڵمان توشی فیتنە دەکەن و تەوبە ناکەن ئەوانە سزای دۆزەخیان بۆ هەیە لەگەڵ ئاگرێکی سوتێنەر.

ڕووی دووەم: مەبەست لە فیتنە، ئەو فیتنەیە لە ئاییندا بێت، وە ئەم ئایەتە پیرۆزەی لێرەدا دەیکەن بە بەڵگە، ئەو فیتنەیە کە بێباوەڕان بەکاری دەهێنن لە هۆی ئازاردانی موسڵمانان و داماوان هەتا لە ئایینەکەیان پاشگەز ببنەوە، یان ئەو هۆیانەی دووڕووەکان بەکاری دەهێنن لە دژی موسڵمانان بۆ نانەوەی ئاژاوە.

ئیمامی تەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: هاوبەش دانان بۆخوا لە تاوانی کوشتن گەورەترن، وە پێشتر وتمان فیتنە واتە تاقیکردنەوە، تەفسیری کردنی ئایەتەکە: تاقیکردنەوەی موسڵمان هەتا لە ئایینەکەی پاشگەز دەبێتەوەو دەبێتە هاوبەش پەیداکەر، زۆر قورس و سەختە لەسەر موسڵمان. وە زۆر فەرمودەی هێناوە بۆ پشتگیری ئەم ڕایانە[22].

وە تەفسیر ئایەتی: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾[23]، واتە: ئێوە جەنگی هاوبەش پەیداکەران بکەن هەتا فیتنە بڵاونەبێتەوەو ئایین خوا سەردەست بێت، ئەگەر وازیان هێنا لە جەنگ ئیتر جەنگیان ناکرێت و تەنها جەنگی ستەمکاران دەکرێت. بۆ ئەوەی هابەش پەیداکردن بۆ خوا بڵاونەبێتەوە جەنگ دەکرێت. ئەو جەنگەی بت پەرستانی مەکە لە دژی موسڵمانانی وەك عەماری کوڕی یاسر و هاوەڵانی تر دەیانکرد بۆ پاشگەزکردنەوەیان بوو لە ئایینەکەیان.

وە زانایانی تەفسیری فیتنەیان لەم ئایەتەدا: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[24] بە هاوبەش دانان بۆ خوا تەفسیر کردووە. وە لە ئایەتی: ﴿فَقَالُوا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾[25] واتە: ستەمکاران زاڵ مەکە بەسەرمانا و ستەممان لێ بکەن توشی فیتنە ببین لە ئایینەکەماندا.

ئیمامی قورتوبی لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾[26]، هەر یەك لە عەبدوڵای کوڕی عەباس و قەتادەو ڕەبیع و السودی جگە لەوانیش دەڵێن: فیتنە لێرەدا هاوبەش دانانە، وە ئازاردانی موسڵمانانە[27]. وە قورتوبی زیاتر لەسەری دەڕواو دەڵێ: فیتنە کاتێك ڕوو دەدات کە موسڵمانان بێدەنگ بن لە ستەمی

---

21- سورة البروج، الآية:10.

22- تفسير الطبري، م2ص111.

23- سورة البقرة، الآية:193.

24- سورة البقرة، الآية: 217.

25- سورة يونس، الآية: 85.

26- سورة البقرة، الآية: 193.

27- تفسير القرطبي، م11ص105.

ستەمکاران، وەك ئایەتی: ﴿وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ﴾[28] چونکە دوو ڕوویی سەردەکێشێ بۆ بشێوی و جەنگ و هیلاکی موسڵمانان و بلاوبوونەوەی فیتنە[29].

لەسەر ئەمانەی پێشەوە خۆپیشاندانی ئاشتی بە پرەنسیپی خۆیەوە لە فیتنەی حەرام نییە، وە ناچێتە ژێر ئەو ئایەتانەی لێرەدا کراون بە بەڵگە.

بەڵگەی چوارەم: خۆپیشاندانەکان خاڵی نین لە کاری خراپ و حەرام:

1 -بەکار هێنانی جنێو وشەی نەشیاو گاڵتەکردن و سوکایەتی بەکەسانی بەرامبەر، هیچ یەك لەمانە ڕەوشتی موسڵمان نییە.

2 -بەکاری هێنان و بەرزکردنەوەی دروشمی دژ بە ئیسلام.

3 -بەفیڕۆدانی هەندێ ماڵ و سامانی دەوڵەت و تاکەکەس.

4 -تێکەلاو بوونی ژن و پیاو.

5 -دەرچوونی ژنان لە ماڵ و هاوارکردنی ژنان دەنگ بەرزکردنەوەیان.

6 -نەکردنی نوێژەکان لە کاتی خۆیدا و یان بەشداری نەکردنی نوێژی بە کۆمەڵ.

7 -چوونەناوەی خەڵکانی خراپ بۆ ناو خۆپیشاندەران و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە.

8 -ڕودانی کاری کوشتن و زیندانی کردن و ئازاردانی هاولاتیان لە دەرئەنجامی خۆپیشاندانەکانەوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە.

9 -ئەنجامەکانی مسۆگەر نین هەندێ جار ئەو خۆپیشاندانانە سەرکەوتوو دەبن هەندێ جار بێ ئەنجام دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا کوشتن و بریندارکردنی لێ دەکەوێتەوەو هەڵکوتانە سەر هاولاتیان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسەوە.

دەکرێت وەلامی ئەم بۆچوونە بدەینەوە بەم شێوەیە:

1-گفتوگۆی ئێمە دەربارەی خۆپیشاندانی ئاشتیانەیە، ئەوەی کە کاری نەشیاو نادروستی تێدا نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا خۆپیشاندانی ئاشتیانە دروستە یان نا، لیرەوە ئەو مەترسیانە لە جێگەی خۆیدا نییەو هەڵدەوەشێنەوە.

2- ئەگەر ئەو کارە نەشیاوانە ڕوویدات ئەوە ئەو تاکە کەسانە ئەنجامی دەدەن گوناهەکەی هەڵدەگرن و جەماوەر بەرپرس نییە، ئەگەر جەماوەر بیەوێت کاری نەشیاو و خراپ ئەنجام بدات ئەوە لە دەرەوەی گفتوگۆکەی ئێمەیە.

3- هەندێ لەو کارانەی کە بە خراپ دانراون لە جێگەی خۆیدا نییە، وەك فەوتاندنی نوێژەکان و نەکردنیان بەکۆمەڵ، چونکە ئێمە بینیمان لە میسر خۆپیشاندەران سوربوون لەسەر نوێژەکانیان بە کۆمەڵ، وە بینیمان بۆ یەکەم جار نوێژی جومعە بە ملیۆنان خەڵك بەشداری تێدا کردو دیمەنێکی زۆر گەورەی هەبوو، هەژموونی موسڵمان و یەکێتی شیعارەکانی نیشاندا.

---

28- سورة البقرة، الآية:205.

29- تفسير القرطبي، م2ص352.

بەلاّم ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو خۆپیشاندانانە لەلایەن ڕژێمی حاکمەوە بە فیشەك و غازی فرمێسك ڕێژ و سام ئەوە بەپرسیاریەتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی حکەمەتەوە، ئەو ئەنجامە نابێت ڕێگر بێت لەبەردەم موسڵمانانی فەرمانکەر بە چاکەو ڕێگر لە خراپە و ئەوانەی ئەیانەوێت بارو گوزەرانیان لە باشەو بگۆڕن بۆ باشتر، ئەو شتانەی کە دەبێت بگۆڕێن، ئەم کارە شەریعەت دانی پیاناوە، چونکە هەرکەس هەوڵی چاکەو گۆڕانکاری بدات و بە گژ خراپەدا بچێتەوە تووشی نارەحەتی و ناخۆشی دەبێت و قورئان ئامۆژگاریمان دەکات بە ئارام گرتن، وەك ئایەتی: ﴿**وَالْعَصْرِ (1) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (2) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ**﴾[30]، واتە: سوێند بەکات یان کاتی عەصر، هەموو مرۆڤ لە زیاندان، تەنها ئەوانە نەبێت باوەڕدارن و ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن لەسەر هەق و لەسەر خۆڕاگری. وە ئایەتی: ﴿**يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ**﴾[31].واتە: ئەی کوڕی شیرینم نوێژ بکەو فەرمان بکە بە چاکەو ڕێگری بکە لە خراپە و ئارام بگرە لەسەر ئەوەی تووشت دەبێت، چونکە خۆڕاگری ڕەوشتی خاوەن ئیرادەی گەورەیە.

هەرکەسێك ڕووبەڕووی دەسەلاّتداری ستەمکار بێت فەرمانی پێ بکا بە چاکەو داوای لێ بکات کاری خراپ نەکات و بیکوژێ ئەوە دەبێتە گەورەی شەهیدان، هەروەك لە فەرمودەی پێغەمبەردا هاتووە کە دەفەرموێ: گەورەی شەهیدان حەمزەیەو، وە پیاوێکە بچێتە بەردەم دەسەلاّتداری ستەمکار و فەرمانی پێ بکا بە چاکەو دەستی بگرێ لە خراپە وە دەسەلاّتدارەکە بیکوژێ[32].

بەڵگەی پێنجەم: خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دەرچوونە لە سەر دەسەلاّتدار، وە ئەمەش دروست نییە مەگەر دەسەلاّتدار کوفری ئاشکرای لێ دەرکەوێ. وە ئەمەش بەڵگەی زۆرە وەك:

1 -ئەو ئایەتانەی فەرمان دەکەن بە گوێڕایەڵی حاکم (**ولي الأمر**) وەك ئایەتی: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا**﴾[33] واتە: ئەی باوەڕداران گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا دەسەلاّتدارەکانتان بکەن، ئەگەر کێشەتان هەبوو لە شتێکدا بگەڕێنەوە بۆلای خواو پێغەمبەری خوا، ئەگەر بڕواتان هەیە بەخواو ڕۆژی دوایی ئەمە باشترینە بۆ ئێوەو باشترین تەفسیرکردنە.

وە فەرمودەی پێغەمبەر هەیە ڕێگا نادات بە دەرچوون لەسەر دەسەلاّتداری ولاّت وەك: عن عبادة بن الصامت، فقال: دعانا رسول الله ﷺفبايعناه ، فكان فيما أخذ علينا: أن بايعنا على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا، وعسرنا ويسرنا، وأثرة علينا، وأن لا ننازع الأمر أهله، قال: إلا أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله فيه برهان[34]. واتە: پێغەمبەر بانگی کردین و

30- سورة العصر، الآيات:1-3.

31- سورة لقمان، الآية:17.

32- الحديث رواه الطبراني وابوداود والحاكم في الستدرك (215/3) وقال صحيح الاسناد، ومجمع الزوائد الحديث (443/9).

33- سورة النساء، الآية: 59.

34- رواه البخاري، الرقم: 6647.

بەیعەتمان پێدا، لەسەر ئەوەی گوێڕایەڵی بکەین لەوەی پێمان خۆشە و ناخۆشە، وەلە خۆشی و ناخۆشیماندا، وە نابێت شەڕی دەسەلآت بکەین، مەگەر کوفری ئاشکرا لە حاکم ببینین و بەڵگەی تەواومان هەبێ.

وە فەرمودەی: ستكون أمراء فتعرفون وتنكرون ، فمن عرف برئ ، ومن أنكر سلم ، ولكن من رضي وتابع "قالوا: أفلا نقاتلهم؟ قال: لا ، ما صلوا[35]. وفي رواية حذيفة: تسمع وتطيع للأمير، وإن ضرب ظهرك، وأخذ مالك، فاسمع وأطع[36].
ئێوە دەسەلآتدارتان دەبێ و دەیناسن و نایانناسن، ئەوەی بیانناسێ سەلامەت دەبێ لە دەستیان، ئەوەی بەگوێیان نەکات ڕزگاری دەبێ، بەلآم ئەوەی ڕازی بێت بە ستەمیان گونهبارە، وتیان ئەی پێغەمبەر جەنگیان نەکەین، فەرموی: نەخێر مادام نوێژ دەکەن.

بۆ وەلآمی ئەم بەڵگانە دەڵێین:

1 -گوێڕایەڵی دەسەلآتدار بە ڕەهایی نییەو بەڵکو مەرج و پێویستی خۆی هەیە، پێغەمبەر لەم بارەیەوە دەفەرموێ: السمع والطاعة على المرء المسلم فيما أحب وكره، ما لم يؤمر بمعصية، فإذا أمر بمعصية فلا سمع ولا طاعة[37]. مرۆڤی موسڵمان دەبێت گوێڕایەڵ بێت لەوەی پێخۆشەو ئەوەی پێیناخۆشە، مادام فەرمانی پێناکرێ بە تاوان، ئەگەر فەرمانی پێکرا بە تاوان ئیتر گوێڕایەڵی نییە.
2 -فەرمودەکەی کە (حذيفة) دەیگێڕێتەوە لە فەرمودەی بنەڕەتی نییە لای ئیمامی مسلیم، وە ئیمامی (دار القطني)[38] بە لاوازی داناوە، ئەگەر ڕاستیش بێت بۆ حالآتی تاکە کەسیە، یان بۆ ئەو حاڵەتانەی ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرێت فیتنەی گەورەتر ڕوودات، بێ ئەوەی بەرژەوەندیەك هاتبێتەدی.
3 -ئەم خۆپیشاندانە جەماوەری و شۆڕشە ئاشتیانە دەرچوون نین لەسەر حاکمی وڵات، بەڵکو دەچنە بواری گۆڕان و ئیصلاح و ئامۆژگاری، وە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری لە خراپەن وەك دواتر باسی دەکەین، کە دەرچوون لەسەر حاکم لەسەر کوفر، ئەوە کۆدەنگی زانایانی لەسەرە وە جێگەی ئەم توێژینەوەی ئێمە نییە، وە دەکرێت بزانرێ چەندێ تەشریعات پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام دەرچووە، وە ئەمە پێویستی بە توێژینەوەیەکی ترە.

---

35- رواه مسلم، الرقم: 4907.
36- رواه مسلم، الرقم: 4891.
37- متفق عليه، البخاري مع فتح الباري (109/13) ومسلم، الحديث 1839.
38- حيث ذكر الامام دارالقطني في الالزامات والتتبع أن هذا الحديث ضعيف لأنه منقطع، وذكره الالباني في السلسلة الضعيفة برقم: 6381، والسبب هوأن الذي روى الحديث عن حذيفة هو ابو سلام ممطور الحبشي، وهو لم يثبت أنه سمع من حذيفة رضي الله عنه، فروايته عنه مرسلة كما نص عليه غير واحد من الأئمة، وبالتالي فهو ديث ضعيف لاينهض حجة، ولا يرتقي الى معارضة الأحاديث الصحيحة في منع الظلم والضرب، واخذ مال الآخر وأنه من قاتل دون ماله فهو شهيد، فقد وصف الحافظ ابن حجر ممطور ابا الاسلام بأنه يرسل، ومن طبقة الثالثة، علما بأن هناك من صحح الحديث.

4 -خوای گەورە فەرمان دەکات بە گوێڕایەڵی حاکمی موسڵمان ئەوەی لە خەمی موسڵمانانندایە، ئایا ئەو ستەمکارانە کە ڕێگری بانگەوازی ئیسلامیان دەکرد و بانگخوازنیان دەخستە زیندانەوەو دەیان کوشتن، وە قانوونی پێچەوانەی شەرعی خوایان دەردەکرد، وە ڕێگری هەندێ حوکمی شەرعیان قەدەغە دەکرد ئەوانە دەچنە دەستەی (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)؟.

زەینولعابدینی سەرۆکی تونس 30 ساڵ دەسەڵاتی تونسی لە دەستا بوو حیجابی قەدەغە کردبوو، وە کچانی محەجەبە بۆیان نەبوو چاسەری نەخۆشی بکەن و بچنە نەخۆشخانە، دەرگای مەیخانە و داوێن پیسی کردبوەوە، هەندێ قانوونی پێچەوانەی دینی خوای دەرکردبوو، وەك قانوونی قەدەغە کردنی فرە ژنی، وە مۆڵەتی داوێن پیسی دەدا مادام بە ڕەزامەندی بێت، وە دەرکردن و ئاوارەکردنی ئیسلامیەکان و سزادان و زیندانی کردنیان، دزینی ماڵ و سامانی میللەت بە دەیان ملیار، وە ئەنجامدانی تاوانی گەورە کە ئێستا لە دادگایکردنیدا ئاشکرا دەبێت، ئایا ئەمە دەچێتە دەستەی (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)؟.

وە حوسنی موبارەك ئەوەندەی بەسە کە جولەکەکان بە (گەنجینەی ستراتیژی ئیسرائیل) ناوی دەبەن، کە ئێستا لە هەندێ بەڵگەنامەدا ئاشکرابووە، وە غازی میسری بەکەمتر لە سێ یەکی نرخی خۆی بە ئیسرائیل دەفرۆشت، وە قانوونی تەواری لە دژی ئیسلامییەکان زیاتر لە 32 ساڵە کاری پێدەکرێت، وە ئیرادەی میللەتی میسری تەزویر کردبوو، ماڵ و سامانی میللەتی دزی بوو بە ملیارات، وە زۆر بەڵتەجەو گەندەڵ و خراپی لە خۆی کۆکردبوەوە، هەموو توانای گەلی میسریان دزی بوو، ئایا ئەمانە دەچنە دەستەی (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ)؟.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەم سەرۆکە ستەمکارە سەکوتکەرانە لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە هاتنە سەرحوکم و بەناوی ڕزگار کردنی فەلەستین و نەهێشتنی گەندەڵی و هێنانەدی خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکانیان شۆڕشیان کرد، بەڵام لە سایەی حوکمڕانی ئەوانەوە بەشەکانی تری فەلەستین داگیرکران لەگەڵ سیناو بەرزاییەکانی جۆلان و قودس و کەناری ڕۆژئاواو غەزە، برسێتی و نەبوونی زیاتر باڵی کێشا بەسەر وڵاتەکانیانداو دواکەوتن وگەندەڵی زیاتر بڵاوبوەوە ئایا هەر گوێڕایەڵیان پێویستە هی خۆیان و کوڕەکانیان هەتا ڕۆژی قیامەت؟.

ئەرکی زانایانە کە هەق ڕابگەیەنن و ئامۆژگاری دەسەڵاتدار و خەڵکە بکەن بە حیکمەت، وە ڕووبەڕووی ستەم و بەدکاری ببنەوە، کاری ئەوان جێ نشینی پێغەمبەرانە لە ڕوونکردنەوەو گەیاندندا، وە ئارام گرتن لەو پێناوەدا، وە دروست نییە بۆ ئەوان بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دەسەڵاتی نارەوادا بوەستن و پشتی بگرن، بیانوو بۆ تاوانەکانیان بهێننەوەو بە زەلیلی لە پەنایاندا بژین، پەنا ببەن بۆ هەندێ فەرمودەی تایبەت کە بۆ حاڵەتی تایبەتن، وە واز لەو فەرمودانە بهێنن کە داوای گۆڕینی کاری خراپ دەکەن و داوا دەکەن ڕێگری لە ستەم و ستەمکار بکرێت.

## ڕاوبۆچوونی ڕێگە پێدەرانی خۆپیشاندان:

زۆرینەی زانایانی سەردەم لە جیهانی ئیسلامییدا پشتگیری خۆپیشاندانەکان دەکەن، لە دیارترینیان شێخ یوسف قەرزاوییە کە زۆر پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، وە بەشداری سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانی تونس و میسر و لیبیا و یەمەن و سوریای کرد.

وە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ دروستی ئەو خۆپیشاندانانە بە بەڵگەی بەهێز لە فتواکەیدا ماڵپەڕی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان لەبەرواری 2011/4/6 لە وەڵامی ئەوانەی دەڵێن بیدعەیە، دەڵێ بیدعە لە عادات و مامەڵەدا نییە، وە تایبەتە بە شیعارە خواپەرستیەکانەوە، بەڵام عادات و مامەڵە ئەصڵ موباحەو ڕێگە پێدانە مەگەر بەڵگەی ئاشکرای قورئان و سونەتی لەسەر بێت.

وە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ واجب بوونی گۆڕینی ستەم و سەرکوتکردن و خراپەکاری، وە هاوڵاتی بە تەنها هیچی پێناکرێت و دەنگی نابیسرێت و ناگاتە ئەو ستەمکارانە، بەڵام دەنگی کۆمەڵی لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە دەبیسرێت، وە دەچێتە ژێر حوکمی ئەو بنەما فقهیەوە کە دەڵێت: ئەگەر هاتنەدی واجبێك وەستا لەسەر هۆیەك و بەبێ ئەو هۆیە واجبەکە تەواو نەئەبوو ئەوا ئەو هۆیەش دەبێتە واجب بۆ تەواوکردنی واجبەکە، لەگەڵ بوونی ئایەت و فەرمودەی زۆر لەسەر هاوکاری لەسەر کاری چاك و خێر بۆ لابردنی و ستەم و گێڕانەوەی مافی ماف خوراوان.

**ڕوونکردنەوەی شوێنی جیاوازی و هەڵاوێردنی (ترجیح) ڕای بەهێز:**

پێش ئەوەی ڕای بەهێز دیاری بکەین جێگەی جیاوازی بۆچوونەکان دیاری دەکەین هەتا بەرچاومان ڕوون بێت تێکەڵی ڕوونەدات.

یەکەم: ئێمە مەبەستمان لە خۆپیشاندانی ئاشتیانەیە کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

1 -نابێت ئەو خۆپیشاندانانە بە هیچ جۆرێك چەك بەکار بهێنن، ئەگەر حوکومەتیش بەچەك بەرەو ڕوویان بێتەوە ئەو ستەم و دەستدرێژییە، وە ئەوەش لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە لای نادا، بەڵام پەلاماری چەکدارانە بۆ سەر حکومەتەکان ئەوە شتێکی ترەو بابەتی ئەم توێژینەوە نییە.

2 -مەبەست ئەو خۆپیشاندانانەیە لە دژی ستەم و سەرکوتکردنی حکومەت لە دژی هاوڵاتیان یان دەستەیەکی دیاری کراو ئەنجامی دەدات، یان بەهۆی دانانی قانوونی پێچەوانەی شەریعەتی خوا دادەنرێت وەك بە حەڵاڵ دانانی سوو و مەی و داوێن پیسی و شتی لەو جۆرە، یان بەهۆی کەمتەرخەمی دەوڵەت لە نەهێشتنی کاری باش و بڵاوبوونەوەی کاری خراپ، یان بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و نەهیشتنی هەژاری و بێکاری، یان بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخ و دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر بازاڕدا، یان هاوشێوەی ئەمانە کە زیان بە کۆی گشتی هاوڵاتیان یان توێژێك دەگەیەنێت.

یان لەبەرامبەر کەمتەخەمی حکومەت لە ئاست کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، یان زیان گەیاندن بەو کێشانە لەلایەن حکومەتەوە، یان هاوکاری دوژمنانی گەل و نیشتمان لەلایەن حکومەتەوە، یان زۆرجار حکومەت هاوکاری دوژمنانی دینی خوا دەکەن لە دژی موسڵمانانی ستەم لێکراو کە ئەمە تاوانی گەورەیە، لە هەندێ جاردا دەبێتە کوفری ئاشکرا.

بەلاّم خۆپیشاندان لە دژی حکومەت یان کۆمپانیایەك کە هۆی مەشروعی نەبێت ئەوە شەرعی نییە، ڕەنگە زۆر زیانی لێبکەوێتەوە لەکاتێکدا هۆیەکی شەرعی نەبووە بۆ ئەو کارە.

3 -ئەو خۆپیشاندانانە ڕێگە پێدراون کە بۆ مەبەستی باش ئەنجام دەدرێن، وەك نەهێشتنی ستەم و دەستدرێژی، ڕێگەگرتن لەکاری خراپ و داوێن پیسی، هێنانەدی کاری باش و گەشەپێدان، نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری، بەکورتی دەبێت خۆپیشاندان مەبەستی شەرعی هەبێ و ئامانجی ڕەوای لەبەرچاو گرتبێ.

خۆپیشاندان بەبێ هۆی مەشروع و هەر لەپێناو خۆپیشاندان کردندا، یان بۆ مەبەستی تاکە کەسی و حیزبی ئەوە ئەو خۆپیشانانە نییە ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین.

4 -مەبەستمان لە خۆپیشاندانی ڕێگەپێدراو ئەوەیە کە کاری خراپ و ڕێگە پێنەدراوی تێدا ئەنجام نەدرێ.

دووەم: بەڵگەی ورد لەسەر خۆپیشاندانی ئاشتیانە:

خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەرچوون نییە لەسەر دەسەلاّتدار یان حکەمەت، بەڵکو تەنها سێ حاڵەتی هەیە، یان سێ قۆناغ ئەمانەن:

حاڵەتی یەکەم: داوای ئیصلاحی سیستەمەکە دەکات یان بەگشتی یان تەنها بەشێکی ئەو سیستمە، ئەمەش کارێکی باشە، بەڵکو پێویستە لە بواری ئامۆژگاری و دەرخستنی ناتەواوییەکاندا، یان ئامۆژگاری لەسەر هەق و ئەمەش ناچێتە بواری دەرچوون لەسەر حکومەت.

حاڵەتی دووەم: یان ئەوەتە خۆپیشاندانی بەرفراوانی جەماوەرییە داوای ئیصلاّح دەکات، وە حکومەت وەلاّمیان ناداتەوەو بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەك بینیمان لە تونس و میسر و لیبیا و یەمەن و سوریا، ئەمەش لە داواکاری ئیصلاحەوە دەگۆڕێت بۆ داواکردنی ڕوخانی دەسەلاّت ئەمەیش دروستە لەبەر دوو هۆ:

هۆی یەکەم: گەل لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەهلی (حل و عقد) خاوەن پەیماننن، ئەگەر هەموویان یان زۆرینەیان داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە بکەن ئەوە هەقی خۆیانە هەروەك پەیمان بەستنەکە هەقی خۆیان بووە.

هۆی دووەم: دانانی حاکم لە ئیسلامدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ولاّت و میللەتە، وە پاراستنی پێویستیە گرنگەکان و نیشتمانە، ئەگەر ئەمە پێچەوانە بووەوە جاکم شەرعیەتی نامێنێ.

ئەم داواکارییە دەرچوون نییە لەسەر حاکمی ولاّت، بەڵکو میللەت ئەو هەقە بەکار دەهێنێ کە خوا پێداوە.

حاڵەتی سێیەم: هەر لەسەرەتاوە جەماوەر داوای ڕووخانی ڕژێمەکە دەکات:

لێرەدا چەند وردبوونەوەیەك هەیە:

1 -ئەگەر هۆی خۆپیشاندانەکان شەرعی بوو، وە ستەمی ئاشکرا هەبوو بەرامبەر بە میللەت بە گشتی، یان گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵ و سامانی گشتی هەبوو، یان کەمتەرخەمی ئاشکرا هەبوو بەرامبەر بە مافی گشتی، یان بەندەکانی دەستور پێشێل کرا لەلایەن حاکم و حکومەتەوە کە دەستور میکانیزمی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان میللەت و دەسەڵاتە، ئەوا ئەو داواکاریانە دەچنە ناو داواکاری دروست و ڕێگەپێدراوی شەرعی بۆ میللەت خاوەنی پەیمانی (حل عقد)، وە ئەگەر خۆپیشاندان داواکاری زۆرینەی خەڵك بوو بۆ گۆڕانکاری، ئەوا پێویستە حاکم وەڵامی داواکارییەکانیان بداتەوە لە ڕێگەی حیوارو دانوسانەوە هەتا کارەساتی گەورەتر ڕوونەدات، قازی عەیاز (**القاضي عياض**) ئەگەر حاکم کوفری ئاشکرای لێ دەرکەوت و حوکمی شەرعی گۆڕی ئەوە لە حوکمی ویلایەت دەردەچێت، وە گوێڕایەڵی واجب نییە، وە پێویستە لەسەر موسڵمانان لە دژی ڕاپەڕن و لە حوکم لایبەرن، وە حاکمێکی دادگەر دابنێن لە جێگەی، وە ئەگەر تەنها کۆمەڵێك ئەو کارەیان بۆ ئەکرا واجبە لەسەریان بەو ئەرکە هەستن و لە دەسەڵات دووری بخەنەوە، بەڵام بۆ حاکمی بیدعەچی واجب نییە مەگەر گومانی تەواویان هەبێت کە دەتوانن لایبەرن[39].

2 -بەڵام ئەگەر هۆی خۆپیشاندانەکان شەرعی نەبوو خۆپیشاندانیش دروست نییە، وە پێویستە لەسەر حکومەت ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ناڕەوایی ئەو هۆیانەو چەواشە بوونی خەڵك لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە بەتایبەت لەگەڵ زانایان و ڕۆشنبیراندا، هەروەك ئەوەی ڕوویدا لەکاتی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا خوا لێی ڕازی بێ، خەواریجەکان لێی هەستان بەبێ هۆی شەرعی، ئەویش عەبدوڵای کوڕی عەباسی نارد گفتوگۆی لەگەڵ کردن و مەسەلەکەی بۆ ڕوونکردنەوە، خەڵکێکی زۆر پاشگەز بوونەوەو وازیان لە خەواریج هێنا هەروەك ئەمە ئاشکرایە لە مێژوودا.

وە پێویستە لەسەر حکومەت چاکسازی لە خۆیدا بکات و کاری باشتر ئەنجام بدات و سنگی فراوان بێت لە ئاستی داواکاری و ڕەخنەی گەلەکەیدا و بە چاوی دوژمن و شەڕەنگێزی سەیریان نەکات و گوێیان بۆ بگرێت و ئەوەی شتی باش بوو جێ بەجێی بکات و حیواریان لەگەڵدا بکات، وە ئەگەرنا هەوڵی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بدات لە حاڵەتی نا مەشروعی داواکاری و واز نەهێنانیاندا.

3 -زۆربەی توندییەکان لە فراوانکردنی بازنەی بیدعەی حەرامدایە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەندە قەبارەی گەورە بکرێت و لە وەزنی خۆی زیاتر قورسایی بدرێتێ، وە ناکرێ قەبارەی بیدعە ئەوەندە گەورە بکرێ هەموو شتێکی نوێ بگرێتەوە، ئەگەر وابێت ژیان تووشی وەستان و وێران بوون دەبێت و گەشە ناکات، وە ناگونجێ لەگەڵ گونجانی شەریعەتدا بۆ هەموو کات و جێگایەك، وە زانایان بیدعەیان تەنها لە شیعارە خواپەرستیەکاندا قەتیس کردوە، وەك ئەنجامدانی خواپەرستی وتە یان کردەوە یان عەقیدەیی کە بەڵگەی قورئان و سونەتی لەسەر نەبێ.

---

39- شرح صحيح مسلم للنووي، م12ص229.

ئیمامی شاتیبی لەم ڕووەوە ئەفەرموێ: بیدعە ڕێبازێکە لە ئایندا دروست بکرێ و بکرێ بە شەریعەت، خەڵکی لەسەری بڕۆن بۆ خواپەرستی نزیك بوونەوە لە خوا[40]. لێرەدا ئیمامی شاتیبی قەیدی دینی بۆ داناوە، بەڵاّم بۆ کاروباری دنیایی بە بیدعە ناو نابرێت و شتێکی ترە.

زۆرینەی ئەهلی تەفسیر ئەو پێناسە بۆ بیدعە دەکەن، وە جل و بەرگ و عەمامەیان بە بیدعە دانەناوەو، وە ئەوەی دەچێتە بواری عورف و عاداتەوە، وە بەرژەوەندی گشتی لێرەدا دەوری هەیە و لە چوارچێوەی بەڵگەی گشتی جێگەی دەکرێتەوە[41].

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی بنەمایەکی گشتی نەبێ لە دیندا نابێتە بیدعە، وەکو ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب لە شەوێکی ڕەمەزاندا چووە مزگەوت بینی خەڵکی یەکێك بە تەنها نوێژی تەراویح دەکات یەکێك بە کۆمەڵ، عومەر وتی ئەگەر هەموو نوێژخوێنانی تەراویح لە دوای یەك ئیمامەوە کۆبکەمەوە باشترە، دوای هەموویانی لە دوای ئوبەیی کوڕی کەعبەوە کۆکردەوە، شەوی دوایی چوو بۆ مزگەوت بینی هەموویان لە دوای یەك ئیمامەوە نوێژ دەکەن، عومەر فەرموی باشترین بیدعە ئەمەیە[42].

## بیدعە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورە کراوە:

1-ئەگەر سەیرێکی ئەو کتێب و نوسراوانە بکەین لەبارەی بیدعەوە نوسراون دەبینین کە زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوە لە کۆن و نوێدا، بۆ نمونە قسەکردنی دەربارەی بیدعە لە (المرجع الأكبر للتراث الاسلامي) (5509) جار دوبارە بوەتەوە، وە لە فتوای هەندێك لە زانایانی ئەم سەردەمەدا هەزاران جار دووبارە کراوەتەوە، وە دەکرێت ئەم مەسەلە یەکلایی بکرێتەوە بە جیاوازی کردن لە نێوان بیدعە لە عیبادەت و عەقیدەدا، وە داهێنان و گۆڕانکاری لە کاری دنیایی و ئاوەدانکردنەوەی ژیاندا ڕێگای بەرەو پێشچوون و پێشکەتنی گەلانی موسڵمانە.

3-لێرەدا مەسەلەیەکی تر دێتە پێشەوە کە گرنگی خۆی هەیە و جێگەی جیاوازی هەردوو لایەنی ڕێگەپێدەر و ڕێگە پێنەدەرە، ئەویش ئایا بۆ دەرچوون لە بیدعە لە عیبادەتا بە بەڵگەی گشتی دێتەدی یان دەبێت بەڵگەی تایبەتی هەبێت، ئەمە جێگەی جیاوازی و قوڵکردنەوەیە، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەو شتەی بەڵگەی گشتی هەبێت نابێتە بیدعەی حەرام، وە دەچێتە بەشی بیدعەی ڕێگەپێدراو، وەك ئەوەی خەلیفەی ڕاشدی عومەری خەتاب کردی لە بەکۆمەڵ کردنی نوێژی تەراویحدا.

4-لەلایەکی ترەوە ئەو شتانەی جێگەی جیاوازین و بابەتی ئیجتیهادن هەندێ لە زانایانی باوەڕپێکراو وتویانە دەچێتە دەرەوەی بازنەی بیدعە، وە ناکرێت بە بیدعە ناو ببرێت مادام یەکێك لە زانایان وتویەتی، وە ئەگەر بنەمای فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە بوو، ڕەتناکرێتەوە بە هۆی جیاوازی زانایانەوە، چۆن ئیجتیهادی یەکێکیان بە بیدعە ناو دەبرێت.

---

40- الاعتصام، م1ص4.

41- تفسير حقي، للأجري، ط الدار السلفية/ الهند، م13ص487.

42- رواه البخاري، حديث رقم: 1986.

ئەم باسە زیاتر لە دوایدا زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

1 - ئەوەی لەم مەسەلەکەدا کێشەیە ئەوەیە ئەوانەی بازنەی بیدعە زۆر گەورە دەکەن و دەیکەن بە جیاوازی نێوان هەق و بەتاڵ، وە هیدایەت و سەرلێشێواوی، وە ڕاست و هەڵە، هەندێ جار حوکمدان دەگاتە ئاستی کوفر لەسەر ئەو کەسانەی بیدعە ئەنجام دەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست ئەوەیە بیدعە قۆناغی هەیە، بیدعەی عەقیدە ترسناکترە لە بیدعەی کردەوە ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکەین.

بیدعە جیاوازی زۆری لەسەرە، وەك پێشتر باس کرا، لەگەڵ ئەوەشدا دابەزاندنی بۆ سەر مەسەلەکان قورسترە، لەبەر ئەوە هاوەڵان و تابیعین جیاوازیان هەبووە لەو بارەوە، هەندێکیان شتێکیان بە بیدعە ناو بردوەو هەندێکیان پێچەوانەی ئەوە بوون، وەك عەبدوڵای کوڕی عومەر نوێژی چێشتەهەنگاوی بە بیدعە زانیوەو کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵان پێچەوانەی ئەو بوون.

2 - ئایا جیاوازی فقهی و ئیجتیهاد بیدعەبوون دوور دەخاتەوە لە شتێك جیاوازی فیقهی لەسەر بێت؟.

لێکۆڵینەوەی زانستی قوڵ سیفەتی بیدعە لەو موجتەهیدە دوور دەخاتەوە مادام یەکێك لە زانایانی ئەو شتەی وتوە، ئەمە جێگەی مشتومڕ نییە، شێخ ئیبن و تەیمیە دەڵێ: مەسەلەکانی ئیجتیهاد لە کردەوە هەرکەس ئەنجامی بدات بە وتەی یەکێك لە زانایان، وە بە یەکێك لە بۆچوونەکان ئەنجامی بدات کێشەی نییەو کەس نابێت ئەو کارە بە خراپ ناوبەرێت[43]. لە شوێنێکی تردا دەڵێ: مەسەلەکانی ئیجتیهاد نابێت ڕەتبکرێتەوە بە دەست، وە کەس بۆی نییە خەڵکی ناچار بکات شوێن بۆچوونەکانی بکەون، بەڵکو دەبێت بە بەڵگەی زانستی گفتوگۆ بکات، هەر کەس ڕاستی یەکێك لە بۆچوونەکانی بۆ دەرکەوت شوێنی بکەوێ، وە هەر کەس شوێن بۆچوونی دووەم کەوت ڕێگری لێ ناکرێ[44].

بۆیە بە بۆچوونی من مەسەلەی بیدعە لەم باسە دوور بخرێتەوە بە ڕەهایی، تەنانەت لە بابەتی عیبادەتیشدا هەر شتێك جێگەی ئیجتیهاد بوو ئەوە دروستە بۆ خەڵکی خۆی، هەر ئەمە هەندێ لە زانایانی لێکۆڵەر جەختیان کردوەتەوە، (**الشيخ ابن العثيمين**) دەڵێ: من بەلامەوە زەحمەتە کە پێچەوانەی سونەت کە جێگەی ئیجتیهاد بێت بیدعە بێ، ئێمە دەڵێین: فلان کەسە بیدعە چییە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئیجتیهادی ئێمەیە ئەمە قورسە، وە نابێت موسڵمان ئەو کەسانە بە بیدعەچی ناوبەرێت، چونکە ئەمە سەر دەکێشێ بۆ ئەوەی موسڵمانان هەرکەسەو ئەویتر بە بیدعەچی ناوبەرێت لە مەسەلەکانی ئیجتیهادا، کە تێدا هەق ئەگەری بۆچوونی ئێمەو ئەوانیشی هەیە، ئەمەش سەر دەکێشێ بۆ دەستەو گرۆهی زۆر[45].

---

43- مجموع الفتاوى، م20ص207.

44- مجموع الفتاوى، م30ص79-81.

45- فتاوى أركان الاسلام، لابن عثيمين، ص324.

ئەمە قسە بەرزو جوانە هەقی پێکاوە ئەگەر وانەبێت دەبێت حوکمی بیدعە بدەین بەسەر زۆر لە ئیمامەکاندا هەتا هاولاتیش بە بیدعەچی، ئەمەش کارێکی نارەوایە، هاوەلان و تابیعین جیاوازیان هەبووە لەسەر ئەوەی کە ئایا بە دەنگی بەرز (بسم الله) بخوێنن لە نوێژدا، وە فەقیهەکان جیاوازیان هەبووە لە سەر قنوتی بەیانیان، وە نوێژی چێشتەهەنگاو، وە بەرز کردنەوەی دەست لە دوعاکردندا، وە زۆر شتی تر، هەندێکیان بە بیدعە ناویان بردووەو هەندێکیان بە سونەت.

زانایانی سەردەم تەنانەت ئەوانەشیان سەر بەیەك قوتابخانەی زانستی و فیکرین جیاوازیان هەیە لەسەر هەندێ رەفتار ئایا بیدعەیە یان نا، هەریەك لە شێخ عبدالعزیز بن باز و شێخ جبرین کۆڕی پرسە بە دروست دەزانن بۆ پێشوازی پرسەکاران، بەلام لە هەمان کاتدا هەریەك لە شێخ ئەلبانی و شێخ صالح الفوزان بە بیدعەی دادەنێن.

نمونەیەکی تر، دووبارە کردنەوەی عومرە لە رەمەزاندا، زۆرینەی زانایانی حەنەفی و شافعی و حەنبەلی بە دروست و سونەتی دەزانن وە لە زانایانی سەردەم شێخ عبدالعزیز بن باز و لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوەو فتوا، بەلام شێخ محەمەد صالح ابن عثیمین بە بیدعەی دەزانێ، هەروەك دەست گرتن لە دوای هەستانەوە لە رکوع ئەلبانی بە بیدعەی دادەنێ، بەلام بن باز بە سونەتی دەزانێ.

## رای هەلاوێراو (الترجیح):

بۆمان ئاشکرا بوو ئەو کەسانەی رێگە بە خۆپیشاندان نادەن، یان لە هەندێ ولاتدا رێگەی پێدەدەن و لە هەندێ ولاتدا بە دروستی نازانن، پشت بەوە دەبەستن کە گوایە بیدعەیە، یان لاسایی کردنەوەی کافرە، یان کاری بێشەرعی و حەرامی تێدا ئەنجام دەدرێت، وە رەدی هەموو ئەمانەمان دایەوە، وە جێگەی جیاوازیەکانمان دەست نیشان کرد، وە وتمان خۆپیشاندانی ئاشتیانە بەلای ئێمەوە دروستە کە هیچ کارێکی نارەوای تێدا نەبێ، لە دژی ستەم و دەست درێژی و گەندەلی بێت، وە لەدوای هەموو هەولەکانی ترەوە بێت لە ئامۆژگاری و روونکردنەوەو، وە هەموو هەولەکان بێ ئەنجام بووبێت پێشتر بۆ ئیصلاح و گۆڕان، یان حکومەت

---

46- د.عبدالاله بن حسين العرفج، مفهوم البدعة واثره في اضطرابات الفتاوى المعاصرة، ط دار الفتح، عمان الاردن 1430هـ، ص155-424.

47- مجموع الفتاوى ومقالات متنوعة للشيخ بن باز (371/13).

48- الموقع الرسمي للشيخ عبدالله جبرين.

49- فتاوى أركان الاسلام، ص416.

50- أحكام الجنائز وبدعها، فقرة 114.

51- موقع الشيخ صالح الفوزان، الفتوى رقم: 5693.

52- يراجع: الدكتور العرفج: المرجع السابق ص 254 ومراجعه.

53- في كتابه صفة الصلاة النبي صلى الله عليه وسلم، ص138.

54- موقع الشيخ عبدالعزيز بن باز.

ئامۆژگاری وەرنەگرێت و ئامادەی گوێگرتن نەبێت، وە تەنها لە ڕێگەی کۆبوونەوەی جەماوەرییەوە دەنگی میللەت ببیستێ (خۆپیشاندان) لێرەدا خۆپیشاندان هۆیەکە دەکرێت بۆ کاری باش و خراپ بەکار بهێنرێت، بەپێی مەبەست و ئامانجەکانی دیاری دەکرێت کە ڕەوایە یان ناڕەوا، وە خۆپیشاندانەکان لە تونس و میسر سەلماندی کە زۆربەی ئامانجەکانی هێنایەدی، بە تایبەت بۆ لابردنی ستەم و سەکەوتکردن و گەندەڵی و زیادەڕەوی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابوری، وە هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمنانی موسڵمانان.

وە هەوڵی زۆر درا لە ماوەی نیو سەدەدا لە میسر و تونسدا بۆ لابردنی ستەم و ملهوڕی، وە بەشی ئیصلاح خوازان زیندان سزاو کوشتن و ئاوارەکردن بوو، وە زۆرێك لە بانگخوازان خرانە زیندانەوە، ئازاری زۆر دران و لە سێدارە دران؟.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕژێمانە بەردەوام بوون لە ملهوڕی خۆیان و دزینی سامان و داهاتی گشتی کە لە ژمارە نایە، وە ئەوەی خێر و خۆشیە هیچیان بۆ میللەت نەکرد، نە خۆشگوزەرانی ژیانی دنیا نە شانازی کردن بە دینەوە، نە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بەڵکو بەردەوام بوون لە پشتگیری دەسەڵاتی جولەکە و بەتایبەت حوسنی موبارەك دۆستی ستراتیژی ئیسرائیل بوو بە وتەی خۆیان، هەر وەك لە جەنگی غەزەدا دەرکەوت.

ئایا دروستە میللەت بێدەنگ بێت لەم هەموو ستەم و تاوان و گەندەڵییە، وە دەسەڵاتداران دەیانەوێت هەتا مردن لە سەر کورسی حوکم بن و وازی لێنەهێنن؟، وە هەوڵی جێگرتنەوەی کوڕەکانیان دەدەن لە پاش خۆیان، ئەم بێدەنگ بوونە پێچەوانەی ئیسلامە بە تێگەیشتنی من، چونکە ئیسلام شەریعەتی عزەت و سەربەرزی و دژایەتی ستەم و ملهوڕیی و بەرگری کردنە لە هەق.

گۆڕینی سیستمی ستەمکار بە هەموو هۆیەکی ئاشتیانە واجب و ڕێگەپێدراوە، وە لە هەموو گرنگتر سندوقەکانی دەنگدانە، ئەمەیان واجبی یەکەمە ئەگەر هەبوو، بەڵام ئەگەر نەبوو، یان هەبوو بەڵام دەسەڵات دەستی بەسەرا گرتبوو وە ئیرادەی گەلی تەزویر کردبوو، دوای ئەمە خۆپیشاندانی ئاشتیانە باشترین ڕێگایە.

لە ڕووی شەرعیەوە بە هیچ جۆرێك دروست نییە بێدەنگ بوون لە ستەم و گەندەڵی و هەموو کارێکی خراپ و نەشیاو، وە ئەگەر پێویستی بە قوربانیش هەبوو، وە گۆڕان نەئەکرا بەبێ قوربانی، هەروەك شاعیر دەڵێ:

**وللحرية الحمراء باب.......بكل يد مضرجة يدق.**

ئازادی دەرگایەکی سوری هەیەو بەهەموو دەستێکی ئازا لێی دەدرێ.

**<u>پێویستی ئامۆژگاری و گۆڕان:</u>**

ئایینی ئیسلام ئامۆژگاری کردنی واجب کردووە لە سەر موسڵمانان لە هەموو کاتێکدا لە گەورەوە بۆ بچوك و، لە بچوکەوە بۆ گەورە، هیچ کەس نییە هەرچەند بچوکیش بێت ئامۆژگاری نەکات و، کەسیش نییە لە سەرو ئامۆژگارییەوە بێت هەرچەند گەورە

بێت، پێغەمبەر دەفەموێ: ( **الدين النصيحة، قلنا لمن؟ قال: لله ولكتابه، ولرسوله، ولأئمة المسلمين وعامتهم)**[55] واتە: ئایین ئامۆژگاری کردنە، وتمان بۆ کێ؟ فەرمووی بۆ خواو قورئانی پیرۆزو پێغەمبەری خواو زانایانی موسڵمانان و موسڵمانان بە گشتی.

لەگەڵ ئامۆژگاری کردندا پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ گۆڕینی خراپەکاری، لە ستەم و گەندەڵی و هاوشێوەی ئەوان، بەهەموو هۆیەکی گونجاو، وە کۆمەڵێك ئایەت و فەرمودەی پیرۆز پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن وەك ئایەتی: ﴿**وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾[56] ئێوەی موسڵمان باشترین گەل و نەتەوەن چونکە فەرمان دەکەن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن وە هەرئەو کەسانە ڕزگاری قیامەتن کە ئەوە ڕەوشتیان بێت. خوای گەورە نەفرەت دەکات لە کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیل چونکە فەمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە ناکەن و دەفەرموێ:﴿ **لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ 78 كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ**﴾[57] نەفرەت کرا لە کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیل لەسەر زمانی داود و عیسای کوڕی مریەم چونکە خراپەو دەستدرێژییان دەکردو ڕێگرییان لە خراپەکاری نەدەکرد و خۆیان دەیانکرد، بەڕاستی ئەمە خراپترین کردەوە بوو ئەنجامیان دەدا. وە ئایەتی: ﴿ **وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ**﴾[58] ئێوە پشت مەدەن بەو کەسانەوە ستەم دەکەن، چونکە ئەگەر پشتگیری ستەمکار بکەن دەخرێنە ئاگرەوە وە جگە لە خوا هیچ فریاد ڕەسێك نییە ڕزگارتان بکات.

## بەڵگەی قورئانی پیرۆز فەرمودەی پێغەمبەر لەسەر واجبوونی گۆڕینی خراپە :

ئایەتی قورئان زۆرە کە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر چاکەخوازانی میللەتێك هەڵنەسن بە واجبی خۆیان و هەوڵی گۆڕینی خراپە و ستەم نەدەن ئەوا خوا سزای هەموویان دەدات، وەك دەفەرموێ: ﴿**وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِمْ مَوْعِدًا**﴾[59] ئەو شار و دیهاتانەی لەناومان بردن بەهۆی ستەمی خۆیانەوە، وە بۆ لەناو بردنیان کاتمان دیاری کردبوو. وە ئایەتی: ﴿ **وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا**﴾[60] هەرکاتێك خوای گەورە وڵات و دێهاتێکی لەناو بردبێت بەهۆی سەرەڕۆیی و خراپەکاری خۆیانەوە بووە، ئێمەش بەڵێنی خۆمان هێنایەدی و بەتەواوی وڵات و دێهاتیانمان وێران کرد. وە ئایەتی: ﴿ **وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ**﴾[61] خوای گەورە هیچ کات بەهۆی شیرك و هابەش پەیداکردنەوە وڵاتێك لەناو نابات کە گەلەکەی دادگەر بن.

---

55- رواه مسلم، الرقم: 1896.

56- سورة ال عمران، الآية: 104.

57- سورة المائدة، الآيتان: 78-79.

58- سورة هود، الآية: 113.

59-سورة الكهف، الآية: 59.

60- سورة الإسراء، الآية: 16.

61- سورة هود، الآية: 117.

فەرمودەی زۆری پێغەمبەر(د.خ) هەیە ئاماژە بە واجبوونی ئامۆژگاری و گۆڕینی خراپە و فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکات[62]، وەك فەرمودەی: **(من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان)**[63] واتە: هەرکەس لە ئێوە خراپەی بینی با بە دەستی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی با بەدەم بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی با بەدڵ پێی ناخۆش بێت کە ئەمەیان لاوازترین پلەی ئیمانە.

ئەم فەرمودە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر واجبی گۆڕینی خراپە بەپێی توانای مرۆڤ، بە مەرجێك ئەو گۆڕینە شتی خراپتری لێ نەبێتەوە، ئەوەی ئاشکرایە خۆپیشاندانی ئاشتیانە هۆیەکی کاریگەرە بۆ گۆڕان و دەچێتە بواری هۆیە ڕێگەپێدراوەکانەوە.

أن رسول الله ﷺقال:(ما من نبي بعثه الله في أمة قبلي إلا كان له من أمته حواريون، وأصحاب يأخذون بسنته ويقتدون بأمره، ثم إنها تخلف من بعدهم خلوف يقولون ما لا يفعلون ، ويفعلون ما لا يؤمرون، فمن جاهدهم بيده فهو مؤمن، ومن جاهدهم بلسانه فهو مؤمن، ومن جاهدهم بقلبه فهو مؤمن، وليس وراء ذلك من الإيمان حبة خردل)[64].

لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر فەرمان دەکات بە جیهادی ئەو کەسانە بەهەموو هۆیەکی گونجاو، وە ئاماژە بەوە دەکات ئەوەی بەو کار هەڵنەسێ ئیمانی تەواو نییە، هەر لە ڕوانگەی ئەم فەرمودەوە هۆیەکان دیاری نەکراون، بەڵکو فەرمان دەکات بە جیهادی ئەو کەسانە کە کار بە شەرعی خوا ناکەن و لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە نارۆن، لەم ڕوانگەوە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەچێتە ناو هۆیە گونجاوەکانەوە.

قال النبي ﷺ: (مثل المدهن في حدود الله، والواقع فيها، مثل قوم استهموا سفينة، فصار بعضهم في أسفلها وصار بعضهم في أعلاها، فكان الذي في أسفلها يمرون بالماء على الذين في أعلاها، فتأذوا به، فأخذ فأسا فجعل ينقر أسفل السفينة، فأتوه فقالوا: ما لك، قال: تأذيتم بي ولا بد لي من الماء، فإن أخذوا على يديه أنجوه ونجوا أنفسهم، وإن تركوه أهلكوه وأهلكوا أنفسهم)[65].

ئەم فەرمودە وتەیەکی کۆگیرە، وە هەموو کۆمەڵ بەپرسیار دەکات لە ئاست گۆڕینی خراپەکاریدا، وە ڕێگرتن لە ستەم و دەست درێژی بە واجب دادەنێت، وە دژایەتی گەندەڵی بە هەموو هۆیەکی گونجاو.

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: **(والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف، ولتنهون عن المنكر او ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقابا منه ثم تدعونه فلا يستجاب لكم)** فەرمودەکە بە ڕوونی داوای هەوڵی گۆڕینی خراپە دەکات و بە واجبی دادەنێت، ئەگەرنا سزای خوا چاوەڕێی ئەوانە دەکات بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

---

62- يراجع: رياض الصالحين، باب: الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر.

63- رواه مسلم، الرقم: 49, وابوداود: 1140. والترمذي: 2173. والنسائي: 111/8. وابن ماجه: 4013.

64- رواه مسلم، الرقم: 50.

65- رواه البخاري، الرقم: 167. ومسلم، الرقم: 1709. والنسائي، الرقم: 137-138. وابن ماجه، الرقم: 2866.

له فەرمودەیەکی تردا هاتووە: (**أفضل الجهاد كلمة عدل عند سلطان جائر**) واتە: باشترین جیهاد کردن وتنی وشەی دادگەرییە لای دەسەلأتداری ستەمکار. له فەرمودەیەکی تردا هاتووە: پیاوێك پرسیاری کرد له پێغەمبەری خوا باشترین جیهاد و تێکۆشان کامیە؟ فەرموی: (**كلمة حق عند سلطان جائر**) واتە: وتنی وشەی هەقە لای دەسەلأتداری ستەمکار.

بەبەڵگە کردنی ئەم فەرمودانە ڕوونە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە ڕێگە بە خۆپیشاندان نادات بە بیانووی ئازاردانی خۆپیشاندەران و ڕوودانی کوشتن و سزادان.

**له فەرمودەیەکی تردا هاتووە:** : قال رسول الله ﷺ: (إن أول ما دخل النقص على بني إسرائيل، كان الرجل يلقى الرجل ، فيقول: يا هذا، اتق الله ودع ما تصنع، فإنه لا يحل لك، ثم يلقاه من الغد، فلا يمنعه ذلك أن يكون أكيله وشريبه وقعيده ، فلما فعلوا ذلك ضرب الله قلوب بعضهم ببعض، ثم قال: ﴿**لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ (78) كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (79) تَرَى كَثِيرًا مِنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنْفُسُهُمْ أَنْ سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ (80) وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَكِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ فَاسِقُونَ**﴾، ثم قال: كلا والله لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر، ولتأخذن على يدي الظالم، ولتأطرنه على الحق أطرا، ولتقصرنه على الحق قصرا" حدثنا خلف بن هشام، حدثنا أبو شهاب الحناط ، عن العلاء بن المسيب، عن عمرو بن مرة، عن سالم ، عن أبي عبيدة ، عن ابن مسعود، عن النبي ﷺ بنحوه، زاد: أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض، ثم ليلعننكم كما لعنهم)[70]

**ئەم فەرمودە بەرەهایی داوا دەکات لە ئاست ستەم و ستەمکار بێدەنگ نەبین، وە لە ئاستی تاوان حراپەکاری دەستەوسان نەبین ئەگەرنا خوا وەك بەنی ئیسرائیل سزامان دەدات.**

---

66- رواه الترمذي: 2170. وفي سنده عبدالله بن عبدالرحمن الانصاري الراوي عن حذيفة لم يوثقه غير ابن حبان، ولكن شاهد من حديث ابن عمر عند الطبراني في الأوسط، وآخر عن أبو هريرة عند الطبراني في الأوسط أيضاً، ينظر: مجمع الزوائد (266/7).

67- رواه الترمذي، الرقم: 2175. وأبو داود: 4344. وابن ماجه: 4011. وفي سنده عطية العوفي وهو ضعيف. لكن الحديث قوي بحديث طارق بن شهاب الآتي، وبحديث أبي امامة عند أحمد (251/5-256). وابن ماجه: 4015. وسنده حسن.

68- رواه النسائي (161/6). ورجاله ثقات، وحسنه المنذري في الترغيب والترهيب (168/3).

69- سورة المائدة، الآيات: 78-79-80-81.

70- رواه ابو داود، الرقم: 4336. وابن ماجه، الرقم:4006. واسناده ضعيف لانقطاعه، فغن راويه عن ابن مسعود ولده ابو عبيدة وهو لم يسمع من ابيه.

ئەبوبەکری صدیق فەرموی بە موسڵمانان ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: ﴿**أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ**﴾[71] من بیستم لە پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: (إن الناس إذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يديه أوشك أن يعمهم الله بعقاب منه)[72]. ئەم فەرمودە واتاکەی ڕوون و ڕەوانە.

هەموو ئەم ئایەت و فەرمودە پیرۆزانە ئاماژەمان پێداو ئەوانەیش کە ئاماژەمان پێنەداوە لێرەدا، بە ڕوونی بەڵگەن لە سەر واجبی فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، وە واجبوونی گۆڕین، وە ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم و ملهوڕی، وە هەموو میللەت فەرمان پێکراوە لەم دەقانەدا، وە فەرزی کیفایەیە لەسەر هەموو میللەت، ئەگەر هەموو وازیان لێ هێنا هەموویان گوناهبار دەبن، وە ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەستا گوناهەکە لەسەر هەموان لادەچێت.

وە واجبە لەسەر میللەت کە واز لە ئەرکەکانی خۆی نەهێنێ هەرچەند باروزروفیش لەبار نەبێت و نارەحەت بێت، واجبە فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە بکەن هەوڵی گۆڕانکاری بدەن، قورئان دەفەرموێ: ﴿**الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا**﴾[73] واتە: ئەو کەسانەی پەیامەکانی خوا دەگەیەنن وە لە کەس ناترسن تەنها خوا نەبێت، وە خوا بەسە بۆ ئەوان. بۆ چەسپاندن و جێ بەجێ کردنی ئەم فەرزە لە بەرگرتن لە ستەمکارانی ستەمکار و گەندەڵ و ڕێگە گرتن لە بلاۆبوونەوەی خراپەکاری بەد ڕەوشتی، نەتەوە سێ ڕێگای لەبەردەمدایە، بەپێی ئەم دەقانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن:

ڕێگای یەکەم: گۆڕین بەدەست، ئەمەش واتە هەڵگرتنی چەك و یاخی بوون لە دەوڵەت، وە ئەمەش دروست نییە بە دەقی زۆری سونەتی پێغەمبەر(د.خ)، مەگەر حاکم کوفری ئاشکرای لێ دەرکەوێ، وە ئەمەش لە حاکمەکانی ئێستا زۆر ئاشکرا نییە.

ئەمەش لە دەرەوەی دەقەکانی پێشووە، چونکە ئەمە ئەرکی حکومەتی موسڵمانە لە ڕێگەی هێزەوە چاکسازی بکات.

ڕێگای دووەم: ئامۆژگاری و ڕێگا پیشاندان: ئەمەش پێویستە بە کۆدەنگی زانایانی موسڵمان، ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی دەفەموێ: ئامۆژگاری حاکمی موسڵمانان حەزکردن لە ئیصلاح بوونیان و کاری ژیرانەیان و دادگەرییان و هاوکارییان بۆ گوێڕایەڵی فەرمانی خوا، هاوکاری کردنیان لە هەقدا و بیرخستنەوەیان و ئاگادارکردنیان لە هەوڵۆیستی نەرم و دڵسۆزانە بەرامبەر گەلەکانیان واجبی موسڵمانانە)[74] وە ئیمام حەسەنی بەصری دەفەرموێ: ئەگەر یەك دوعای وەرگیراومان هەبوایە ئەو دوعامان بۆ دەسەلاتدارەکان دەکرد.

---

71- سورة المائدة، الآية: 105.

72- رواه ابو داود، الرقم: 4338. والترمذي، الرقم: 2169. واحمد، الرقم (2/1). وابن ماجه، الرقم: 4005. واسناده صحيح، وصححه ابن حبان: 1837.

73- سورة الأحزاب، الآية: 39.

74- جامع العلوم والحكم، م1ص222.

بەکورتی ئامۆژگاری کردن واجبە مادام ڕێگای هەبێ، وە مادام دەسەڵاتدار گوێ بگرێ، بەڵام حاکمە ستەمکارەکانی ئەمڕۆ بە هۆی پیاوەکانیان و بوونی چەندین دەرگاو پرسگەوە زۆر زەحمەتە دەنگی خەڵکیان پێ بگات مەگەر کەسێك سەر بەخۆیان بێت، یان بەرژەوەندی لەگەڵیاندا بێت، وە ڕێگا نادەن بە زانایانی بەتوانا بگەنە لایان ئامۆژگارییان بکەن، ئەگەر بیشگەنە لایان پیاوە دووڕووەکانی خۆیان نایەڵن قسەیەك بکەن ڕێگای ڕاستیان پیشان بدەن، تەنها ڕێگای ستایش و بەشان و باڵا هەڵدانی ئەوانیان دەدەن.

بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەم دەسەڵاتدارە ستەمکارانە چەندین ساڵە حاکمی وڵات و میللەتن و بەردەوامن لەسەر ستەم و دەستدرێژی خۆیان و هیچ پەندیان لە مێژوو وەرنەگرتووە کە چەندانی وەك ئەوانی بە پەند کردووە. وە هەموو موسڵمانێك هیوای ئەوەیە حاکمێکی دادگەر وڵات بەڕێوەبەرێت و چی خێر و چاکە بۆ هەموانی دەستەبەر بکات، وە ئەمە مەحاڵە لەسایەی دەسەڵاتی سەرکوتکەردا.

ڕێگای سێیەم: بێ دەنگی و ڕازی بوون بەو وەزعە خراپەی هەیە و قبوڵکردنی هەموو گەندەڵی و دەستدرێژییەکی دەسەڵات، ئەم بێدەنگیەش لە سەر ئاستی گشتی و زانایان و ڕۆشنبیران، ئەمەش دروست نییە چونکە بێدەنگ بوون لە هەق شەیتانێکی لاڵە، بە بەڵگەکانی پێشوو.

گەلانی موسڵمان و وڵاتانی عەرەبی ساڵانێکی زۆر بێدەنگ بوون، ئەنجامەکەی زۆرتر بوونی ستەم و ملهوڕی و گەندەڵی و هەژاری و بێکاری گەلان بوو، وە هیچ بەختەوەریەك نەهاتەدی لە خۆشگوزەرانی، وە ڕێگای ئازادی ئاینییان و بانگەوازی خوایان لێگرتن، بەڵکو لە ئایین دووریان خستنەوە، زۆریان لێ کوشتن، زۆریان زیندان کردن، وە هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا لەبەرامبەر دوژمنیاندا، وە جولەکەش ڕۆژانە زیاتر دەست درێژی دەکرد، وڵاتانی عەرەبی لە جەنگی حوزەیرانی 1967 شکستیان خوارد و دەوڵەتی جولەکە قودس و کەناری ڕۆژئاواو سینا و جۆلانی داگیرکرد.

ئایا دروستە بێدەنگ بوون ڕازی بوون بەو حاڵە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و دوور کەوتنەوە لە فیتنە، وە ئایا ئەو حاڵانە فیتنەی گەورەتر نین کە سوکایەتی بە گەلان دەکرێت و لە هەموو مافێکی سەرەتایی بێ بەش دەکرێن، وە دەناڵێنن بە دەست کوشتن و زیندانی و هەژاری و بێکارییەوە.

ئێمە کاتێك ڕێگا نادەین بە یاخی بوونی چەکداری مەگەر بە مەرجی خۆی نەبێ، هیچ ڕێگایەك لە بەردەم میللەتدا نییە جگە لە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان کە ئامادەکاری تەواوی بۆ بکرێت وەك ئەوەی لە تونس و میسر ڕویدا، وە هەرکەس لە پیناوی سەرخستنی هەق و لابردنی بەتاڵدا شەهید بێت ئەوە شەهیدە بە یارمەتی خوا، وە فەرموده هەیە لەم بارەوە.

بەکورتی ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەریە ئاشتیانە میکانیزمی گۆڕینی خراپەن، وە بۆ لابردنی ستەم و بەتاڵن، وە ئامانجی خۆیان پێکاوە با قوربانیشی لێ بکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشتیانە و ڕێگەپێدراوە، ئامانجەکانی بۆ کاری باشن، مەبەستەکانی شەرعین، بەو مەرجانەی پێشتر باسمان کردن ڕێگەپێدراون، لە هەندێ وڵاتدا چەك هەڵگیراوە ئەوە بۆ بەرگری لە خۆیانەو بەو هەنگاوە نابنە خۆپیشاندانی نا ئاشتیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا میللەت بۆی هەیە نارەزایی دەربڕێت لەبەرامبەر حاکمەکانی مادام ستەم و پێشێلکاری بکەن، یان تاوان ئەنجام بدەن، وە بۆیان هەیە پرسیار لە رەفتای دەسەلاتدارەکانیان بکەن، پێغەمبەری خوا هەندێ کەس هاتوون بۆ لای پێیان وتوە دادگەر بە و رێگەی پێداون هەق و دادی بۆ روون کردوونەتەوە[75].

## بەڵگەی تایبەتی:

لەگەڵ ئەوبەڵگە گشتیانەدا بەڵگەی تایبەت هەیە ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە خۆپیشاندانی ئاشتیانە رەوایەو بۆ دەربڕینی رەزامەندی، یان نارەزایی، یان بۆ رەتکردنەوەی هەندێ کار، لەوانە: عن أبي هريرة قال: قال رجل: يا رسول الله، إن لي جارا يؤذيني، فقال: انطلق فأخرج متاعك إلى الطريق، فانطلق فأخرج متاعه، فاجتمع الناس عليه، فقالوا: ما شأنك؟ قال: لي جار يؤذيني، فذكرت للنبي ﷺ، فقال: انطلق فأخرج متاعك إلى الطريق، فجعلوا يقولون: اللهم العنه، اللهم أخزه. فبلغه، فأتاه فقال: ارجع إلى منزلك، فوالله لا أؤذيك[76].

بە بەڵگە کردنی فەرمودەکە روونە: بەڵگەیە لەسەر گۆڕینی خراپە لە رێگای تازەی کاریگەرەوە، هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی ئەم رۆژگارەیە، دوعای تێدایە لە دژی ئازەردەر، هەوەك ئەمرۆش ئەو دیاردە هەیە، وە ئەم میکانیزمە کاریگەری هەیە بۆ گۆڕینی خراپە.

لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: عن إياس بن أبي ذباب قال: قال رسول الله ﷺ: لا تضربوا إماء الله" قال : فذئر النساء وساءت أخلاقهن على أزواجهن فقال عمر بن الخطاب: ذئر النساء وساءت أخلاقهن على أزواجهن منذ نهيت عن ضربهن فقال النبي ﷺ: فاضربوا: فضرب الناس نساءهم تلك الليلة فأتى نساء كثير يشتكين الضرب فقال النبي ﷺ، حين أصبح: لقد طاف بآل محمد الليلة سبعون امرأة كلهن يشتكين الضرب وايم الله لا تجدون أولئك خياركم[77].

بەڵگەی فەرمودەکە ئەوەی ژنان پێی هەستاون لە دژی مێردەکانیان، وە پێغەمبەر (د.خ) ئیقراری کردووەو لەگەڵیان وەستاوەو پشتگیری داواکەی کردوون، بەوەی فەرمویەتی ئەوەی لە ژن بدا لە باشترینی ئێوە نییە، بەڵگەیەکی روونە لەسەر شەرعیەتی خۆپیشاندان بۆ گۆڕینی هەندێ کارو دیاردە بەو مەرجەی دواکارییەکە رەوا بێت.

دکتۆر سعود نەفیسیان لەبارەی ئەم فەرمودەوە دەڵێ: ژنان لە کاتی پێغەمبەردا بە کۆمەڵ و بەتاك دەرچوون لە شەوێکدا سکالای پیاوەکانیان کردوە ئایا ئەوە خۆپیشاندانی ئاشیانە نییە؟، جیاوازی چیە لە نێوان ئەوەو ئەگەر ئەمرۆ یان سبەی بە ئەندازەی ئەو

75- يراجع في ذلك، صحيح البخاري مع فتح الباري، الحديث: 6933. ومسلم: 1064.

76- يراجع: صحيح الموارد، الحديث: 1726. وقال الألباني: حسن صحيح، سنن أبي داود، الحديث: 5153.

77- رواه ابو داود، الرقم: 245. ابن ماجه، الرقم: 366. والنسائي، الرقم: 371. والحاكم في المستدرك، الرقم: 188. وقال صحيح على شرط مسلم، وافقه الذهبي، وابن حبان في صحيحه، الرقم: 499. وعبدالرزاق في مصنفه، الرقم: 442. وذكره الالباني في صحيح ابن ماجه، الرقم: 1628.

ژماره یان کەمتر یان زیاتر دەرچن و بچنە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ، یان داد، یان مەحکەمەی شەرعی، یان لانەی فتوا، داوای کار بکەن یان داوا بکەن پیاوان مافیان پێشێل نەکەن، یان داوا بکەن کوڕ و مێردەکانیان ئازاد بکرێن لە زیندان کە ماوەیەکی زۆرە گیراون دادگایی نەکراون، ئەگەر ئەمە دروست بووبێ بۆ ژنان لە کاتی پێغەمبەردا چ شتێك ڕێگرە لەبەردەم پیاواندا؟.

هەر لەمبارەیەوە پرسیارکرا لە ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەربارەی ئەوەی لە ماڵی دراوسێکەیدا کاری خراپ بکرێت؟ فەرمووی فەرمانی پێ بکە وازی لێ بێنێ، وتیان ئەگەر نەیبیست؟ فەرموی هەموو دراوسێکان کۆببنەوەو بیترسێنن بەڵکو واز لەو کارە بهێنێ[78].

لەگەڵ هەموو ئەمانەی پێشتر باسمان کرد، (**أبو نعيم**) لە (**حلية**) دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتاب و حەمزەی کوڕی **عبدالمطلب** موسڵمان بوون، عومەر فەرموی ئێمە لەسەر هەق نین ئەی پێغمبەری خوا؟ پێغەمبەر فەرموی بەڵێ، عومەر فەرموی ئیتر بۆ خۆمان بشارینەوە، سوێند بەخوا دەبێت بچینە دەرەوە، موسڵمانەکان بە دوو ڕیز چوونە دەرەوە، حەمزە لەگەڵ ڕیزێکدا بوو، عومەریش لەگەڵ ڕیزی دووەمدا بوو، وەك دوو بەرداشی ئاش، هەتا چوونە مزگەوت، کە قورەیش ئەمەیان بینی تووشی ترس و خەفەت بوون بەجۆرێك پێشتر تووشی شتی وەها نەبووبوون. ئەمەش بەڵگەی فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپەیە لە ڕێگەی خۆپیشاندانی ئاشتیانەوە.

ئەم گێڕانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوەو لە ڕووی سەندەوە بە لاواز دانراوە، ئەلبانی بە لاوازی داناوە[79]، بەڵام چیرۆکەکە و بنەمایەکی هەیە[80] و دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ پشتگیری و پەند لێوەرگرتن.

**<u>ڕۆڵی خۆپیشاندانەکان وەك فشاری ڕاگەیاندن لەسەر دەسەڵاتداران:</u>**

خۆپیشاندانەکان کاریگەری زۆریان هەیە وەك فشاری ڕاگەیاندن لەسەر دەسەڵاتدارە ستەمکارە سەرکوتکەرەکان لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، وە مەترسی زۆری هەیە لەسەریان ئەگەر لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە نەبێت نایەتەدی، وە هێنانەدی داواکاری میللەت لەو ڕێگەیەوە نەبێ زۆر زەحمەتە دەستەبەرکردنی، یان هەر دەستەو ڕێکخراوێك بۆ هێنانەدی داواکارییەکانیان خۆپیشاندان باشترین ڕێگای سەردەمە.

نمونەی مێژوو:

ئەگەر مێژووی نەتەوەکەمان و زاناکانی بخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرگیز بە ستەم و خراپەکاری ڕازی نەبوون، هەندێ جار هەستاون بە شۆڕشی چەکداری، وە هەندێ جارە پەنایان بۆ ڕێگا چارەی ئاشتیانە بردووە، هەر لە شۆڕشی عەبدوڵای کوڕی زوبێرو ئیمامی حسەینەوە، وە زۆر شۆڕشی تر کە ڕوویداوە لە دژی سوڵتان و پاشاکان، کاتێك خاچ پەرستەکان قودسیان

78- يراجع: الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر للخلال، ص117.

79- سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم: 6531.

80- يراجع: الدكتور أكرم ضياء العمري، السيرة النبوية الصحيحة، م1 ص 177-181.

داگیرکرد موسڵمانان لە دەسەڵات ڕاپەڕین لە بەرامبەر بێدەنگی دەسەڵات لە بەغداد لەو داگیرکارییە، کۆمەڵێك لە خەڵکی حەڵەب ڕایان کردبوو بۆ بەغداد لە دەست فەرەنسیەکان ڕایان کردبوو، کاتێك گەیشتنە بەغدا خەڵکێکی زۆر لەگەڵیان کۆبوونەوە لە زانایان بۆ ڕۆیشتن بەرەوە مزگەوتی سوڵتان، سوڵتان بەڵێنی پێدان کە سەرباز ئامادە دەکات، هەر لەوێ مانەوە چاوەڕێی فەرمانەکەی سوڵتان بوون، جومعەی دووەم بەرەو مزگەوتی قەسری خەلافەت چوون، خەڵکی بەغدایان لەگەڵا بوو، دەرگاوانی سوڵتان ڕێگری لێکردن، بەڵام نەیتوانی بەریان لێبگرێت و چوونە ناو قەسرەوەو پەنجەرەکانیان شکاند[81]، لە ساڵی 1980 دەربارەی ئەم ڕووداوەم نووسی و وتم: ئەم کارەی ئەم خەڵکە کە زانایانی فیقهیان لەگەڵا بووە ئیعلانی جەنگە دژی دەسەڵاتداری بێ ئاگا و کەمتەرخەم لەبەرامبەر کاروباری موسڵماناندا، وە سەرقاڵ بوونیان بە پاراستنی کورسیەکانی خۆیانەوەو گرنگی نەدان بە کاروباری جیهاد و کێشەی موسڵمانانەوە، دروشمی ئەو خەڵکە ئەوە بووە، ئیسلام یەکێکە و بەش بەش ناکرێت، چۆن جومعە واجبە بەو شێوەیەش جیهاد واجبە ئەگەر بستێك لە زەوی موسڵمانان داگیر بکرێت، وە چۆن دەبێت کە قیبلەی یەکەم داگیر کراوە[82].

مێژوونوسان دەیگێڕنەوە: دانیشتوانی قورتوبە لە والی مرابتین ڕاپەڕین بەهۆی ئەوەی یەکێك لە سەربازەکانی والی دەست درێژی کردبووە سەر ئافرەتێکی خەڵکی قورتوبە، وە بەیعەتیان لێ وەرگرتەوە، وە حکمێکی بە کۆمەڵیان دا بەسەریدا و کوڕی ئیبن حەمدینیانی خستە جێگەکەی ساڵی 539ك، ئەمیش زۆر نەمایەوە دەستی کرد ستەم و زۆرداری، بە ئەمیری موسڵمانان و ناصر دین ناوی دەبرد، خەڵکی قورتوبە لێی ڕاپەڕین لە دەسەڵات دووریان خستەوە[83].

**﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾**

---

81- الكامل، م8ص261.

82- مقدمتنا لكتاب الوسيط للامام الغزالي/ م1ص62.

83- الدكتور محمد عابد الجابري، ابن رشد سيرة و فكر، نشر مركز دراسات الوحدة العربية، ص26.